# سوپاس بۆ هاوخەمیتان



زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین کە لە کۆستی لە دەستچوونی **رۆزای** تاکە کچمان هاوخەممان بوون. لە دڵەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بەیەکە بەیەکەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە پرسەی لە دەستچوونی رۆزای ئێمەدا، بە ئامادەبوون یان بە ئیمایل، بە نامە یان بە تەلەفۆن بەشداریان لەگەڵدا کردین و هاودەردی خۆیان پێڕاگەیاندین. ئێمە دەزانین کە ئازاری لە دەستچوونی رۆزای ١٤ساڵان چەندە گران و پڕناسۆرە، بۆیە هیواخوازین کە هیچ کەسێک لە ئێوەی بەڕێز کۆستی ناوەختی نەکەوێ و دووچاری ئازاری لە دەستچوونی خۆشەویستانی نەبێتەوە. ئاواتەخوازین رۆژو رۆژگاری هەمووان روو لە خۆشی و بەختەوەری بێت.

**رێکار ئەحمەد و شەرمین عەباس**

# هەڵەبجە لە بیرت ناکەین

فرۆکە جەنگیەکانی رژێمی بەعس لە شازدەی ئازاری ١٩٨٨ شاری هەڵەبجە و دەوروبەریان کیمیاباران کرد، بەوهۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی سڤیل و لاشەڕ شەهید بوون و دە هەزاری دیکەش بریندار بوون. ئەوی رۆژێ کەس ئاگای لە برینی ئەو شارەو مرۆڤەکانی نەبوو، دونیای بەرژەوەندخواز پشتیوانی لە رژێمی بەعس دەکرد، چەک و تەقەمەنی پێدەفرۆشت و باوەڕیشیان نەدەکرد کە رۆژێک لەپای ئەو هاوکاریەدا ریسواو رووزەرد دەبن.

سەرانی رژێمی بەعس بەمەبەستی قڕکردن و ژینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد شاری هەڵەبجەیان ژەهر باران کرد، پێیانوانەبوو کە رۆژێک لەپای ئەو تاوانەدا مەرگیان بەسەر بسەپێندرێ و تۆڵەیان لێبکرێتەوە. ئێستا ئەو رۆژە هاتووە، سەدام و عەلی کیمیایی لە سێدارە دراون، دەیان تاوانباری دیکەش دادگەیی کراون و سزا دراون.

هەڵەبجە وەبەر زەرگی تاوان درا، گیانی هەزاران پەپولەی لێ هەڵپڕوکا، بەڵام چۆکی دانەداو نەبەزی. مەرگی خۆشەویستانی خۆی بینی، بەڵام خۆی راگرت و بە زیندوویی مایەوە.

کوردستانیان و ئازادیخوازان ساڵانە یادی ئەو مەرگەساتە دەکەنەوەو رێز لە قوربانیانی کیمیاباران دەگرن، دەخوازن کە هەڵەبجە باشتر ئاوەدان بکرێتەوە. دەیانەوێ دانیشتووانی هەڵەبجە رێزیان لێبگیرێ،



پەلکێشی بەردەم دادگە دەکرێن و سزا دەدرێن.

ژەهربارانکردنی هەڵەبجە کوردستانیانی تاساندبوو، بەڵام رێبوارانی رێی ئازادی و رزگاری بە گوڕو تینێکی زۆرترەوە تێدەکۆشان و پەیمانیان دەدا کە تۆڵە لە تاوانکارو داگیرکەران بکەنەوە. هەروەها بنەماڵەی قوربانیان ئاواتەخوازبوون کە بەچاوی خۆیان رووخانی سەدام و رژێمەکەی ببینن، هیوایان دەخواست کە بکوژانی خۆشەویستیانی ئەوانیش سزای لەبەرانبەر خۆڕاگریان خەڵات بکرێن.

لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، هێزە کوردستانیەکان بەڵێن دەدەن کە لەبیری نەکەن، بەڵام باشتروایە کە ئیتر پێی نەگوترێ شەهید، چونکە هەڵەبجە زیندووەو بە پێوە راوەستاوە. ئەگەر جاران وەک کۆترێکی بریندار خوێنی لێدەچۆڕا، بەڵام ئێستا ئەستێرەیەکی پرشنگدارەو قاقا بە دوژمنان پێدەکەنێ.

**سالار رەسول**

ژوانگە

## ١٦ی ئازار

لە رۆژی شازدەی ئازاری ساڵی ١٩٨٨، رژێمی بەعس برینێکی قوڵی لەجەستەی کوردستان کرد و شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، بەڵام لە ئاکامدا بەهۆی ئەو تاوانەوە رووزەردو شەرمەزارو ریسوابوو. ئێستا کە ٢٢ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕ دەبێ، دەبێ چی بگوترێ؟!

هەندێک دەنگ لەملاو لەولا داوا دەکەن کە رۆژی ١٦ی ئازار بکرێ بە پشووی فەرمی! هەندێک دەیانەوێ بکرێ بە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی، هەندێکی دیکە دەیانەوێ بکرێ بە رۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدان.

برینەکانی رۆژی ١٦ی ئازار زۆر قوڵ و بە ئازارن، بەڵام بە پشووکردنی ئەو رۆژە چ واتایێک دەگەیەنێ؟! ئەگەر بکرێ بە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی چ کاریگەرییێکی لەسەر داهاتوومان دا دەبێ؟! ئەگەر بکرێ بە رۆژی بەرخۆدان و خۆڕاگری چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟!

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن رژێمی بەعس دژ بە دانیشتووانی شارێکی ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆی لە رۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا لە مێژوودا بێوێنە بووە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە کە بکرێ بە پشووی فەرمی!! هەقە ئەو رۆژە بکرێ بە مەکۆی زیندووڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانەی کە ژەهرباران کران و گیانیان لێ سەندرایەوە. هەقە رۆژی ١٦ی ئازار بکرێ بە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی تاوەکو ناوی هەڵەبجەی کوردستان لە مێژووی جیهان و مرۆڤایەتیدا بە زیندووی بمێنێتەوە. هەقە رۆژی ١٦ی ئازار بکرێ بە رۆژی بەرخۆدان و خۆڕاگری تاوەکو نەوەکانی داهاتوو فێربن و بە گژ دوژمن و داگیرکارانی ملهوڕ دا بچنەوە.

راستە ئەگەر ١٦ ئازار بکرێ بە پشووی فەرمی، یان بکرێ بە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی یان بکرێ بە رۆژی بەرخۆدان و بەرگری، شەهیدانی هەڵەبجە زیندوو نابنەوە، بەڵام ئایا کامەیان زیاتر لەبەرژەوەندی دۆزی رەوای کوردستان و بێتاوانێتی ئەو شەهیدانەدا تەواو دەبێ؟!

هەقە کوردستانیان پشووی فەرمی لە مێشکی خۆیاندا بسڕنەوە، چونکە کێشەی کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە یەکلایی نەبۆتەوە، هێشتا کوردستان بە ترۆپکی رزگاری و سەربەخۆیی نەگەیشتوە، هێشتا کاروانی تێکۆشان پڕ هەورازو نشێوە، بۆیە دەبێ رزگاریخوازان و سەربەخۆخوازانی کوردستان پەڕە بە خەبات و تێکۆشانی سەردەمیانەی خۆیان بدەن، لەو رێیەوە دۆزی رەوای گەلی کوردستان بەرەو سەرکەوتن ببەن و گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و تێکڕای شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی ئاسوودە بکەن.

وەک دەگوترێ کە نەتەوەی ژێردەست قەیرانی رۆژ و مانگی هەیە، واتە ئەگەر ساڵ بکرێ بە ١٠٠٠ رۆژ و بە ٣٠ مانگ هێشتا قەرەبووی رۆژەکانی لەدەستچووی ناکەنەوە، بەوهۆیەشەوە نەتەوەی بندەست بیر لە قەرزکردنی رۆژ و مانگ و ساڵ دەکاتەوە، دەیەوێ بچووکترین دەرفەت بقۆزێتەوەو خۆی بە کاروانی نەتەوە پێشکەوتووەکانی دیکەی جیهان بگەیەنێ. دەبا هەموومان بەو گیانەوە رەفتار لەگەڵ ١٦ی ئازاردا بکەین و بیکەین بە رۆژی بەرخۆدان و خۆڕاگری، بیکەین بە رۆژی بەربەرەکانێ لەگەڵ ستەم و زۆرداری، بیکەین بە رۆژی دارمانـدنی پەیکەری دیکتاتۆرو داگیرکارانی ملهوڕ.

**ئاسۆ عەلیزادە**

# دوو فیلمی کوردی بەشداری فێستیڤاڵی ئەنکارا دەکەن

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە دوو فیلمی کوردی بە ناوەکانی 'دوو زمان و باهۆلەک' و 'رەنگەکانی زیلان' لە بیست و یەکەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئەنکارا بەشداری دەکەن.

فیلمی دوو زمان و باهۆلەک باس لە تواندنەوەی زمانی کوردی دەکات، هەوەها رەنگەکانی زیلان باس لە ژیانی ژنانی کورد دەکات.

جێی ئاماژەیە کە بیست و یەکەمین فێستیڤاڵی فیلم لە رۆژی نەورۆز، واتە ٢١ی ئازار لە پێتەختی وڵاتی تورکیا بەرێوەدەچێ، دوو سەد فیلم کە لە سی وڵاتی جیهانەوە بەرهەم هێنراون بەشدار دەبن، ئەو دوو فیلمەی کە تایبەتە بە کوردیش کێبەرکێ لەگەڵ فیلمەکانی دیکەدا دەکەن.

لە فێستیڤاڵەدا دەیان دەرهێنەری ناوداری جیهانی فیلمەکانی خۆیان پێشان دەدەن. وڵاتی بەرازیل بە چەند فیلمێکی بەهێز بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا دەکات، بە گریمانی زۆرەوە پلەی باش بەدەست دەهێنن، بەتایبەتیش فیلمی سەرهەڵدان کە یەکێکە لە فیلمە باشەکانی ئەو وڵاتە.

فێستیڤاڵی نێو نەتەوەیی بیست و یەکەمی فیلم کە لە ئەنکارا ساز دەکرێ، لەکاتێکدایە کە وڵاتی تورکیا دووچاری قەیرانی پێوەندی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی جیهان بۆتەوە، بەتایبەتیش ئەمریکا، سوید، فەرەنسا و ئیسرائیل.

لەو فێستیڤاڵەدا چەندین فیلمی دۆکۆمێنتاری پێشان دەدرێن، لەوانە 'زیندانی ژمارە ٥' کە لەدەرهێنانی چایان دەمیرە، هەروەها فیلمی 'دەمساڵی دوایی' کە دەرهێنەری ناودار کازم ئۆز بەرهەمی هێناوە.

**کاردۆ ئاریان**

# هونەرمەندانی عەرەب ئەلبومی نوێ ئامادە دەکەن

هونەرمەندانی عەرب دوای ئاهەنگەکانی رۆژی ڤالانتاین خاو نەبوونەتەوە، لە جیاتی ئەمە پۆلێک ئەلبوم، کلیپ و گۆرانی تاکیان بەرهەمهێنا .

گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسون لە دوبەی گەڕایەوە، لەوێ چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەلعەرەبییە، تەلەفیزیۆنی دوبەی، و رۆتانا خەلیجییە ئەنجامدا، دوابەدوای سەرکەوتنە نایابەکەی گۆرانی "وعد عرقوب."

شەزا هەروەها لە هەڵبژاردنی چەند گۆرانییەک بۆوە بۆ ئەلبومە عێراقی-کەنداوییەکەی، کە بەم زووانە بڵاو دەکرێتەوە. بۆ ئەم ئەلبومە کار لەگەڵ چەند ئاوازدانەر و شاعیری گۆرانیی بەناوبانگی کەنداو و عێراقدا دەکات .

لە ماوەی مانەوەیدا لە دوبەی، شەزا یەکەم گۆرانی خۆی بە ناوی "الساعة "تۆمار کرد، لە نوسینی سوڵتان مەجلی و ئاوازی فایز ئەلسەید.

هونەرمەندی لوبنانی ماجدە ئەلرومی خۆی بۆ ئەلبومە نوێیەکەی ئامادە دەکات، کە بە هاوکاری چەند ناوێکی گەورە ئامادەیان دەکات. لە گۆرانی" الدقایق بتغیر" دا کار لەگەڵ ملحم بەرەکات دەکات.

هەروەها نزار فرانسیس، ئێلی شوێری، مەروان خوری، و جان ماری ریچێی کاریان لەسەر هۆنراوەی گۆرانییەکان کردووە.

ماجدە دەچێت بۆ ئەلعێن لە ئیماراتی عەرەبی یەککگرتوو بۆ دوو ئاهەنگ لە 4 و ٥ ی ئازاردا .

نەوال ئەلزوغبی لەگەڵ هونەرمەندی تورکی سەداد ساندالّ گۆرانییەک پێشکەش دەکات لە هۆنراوەی شاعیری میسری ئەیمەن بەهجەت قەمەری.

هەیفا وەهبی پلان دادەنێت بۆ دەستپێکردنی گەشتێکی هونەری بە سەرتاسەری ویلایەتە یەککگرتووەکاندا لەگەڵ تۆنی کیوان، لە جیاتی فارس کەرەم و ئەکتەری کۆمێدی ئێلی ئەیوب.

گەشتەکەی هەیفا دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەی "بیبی هیفا" ، و کلیپێک بە ناوی "انت تاني" دێت، تێیدا هەیفا رۆڵی جەنگاوەرێکی رۆمانی دەبینێت، کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی راهێنەرە بەهێزەکەیەوە، کە هونەرمەندی میسری تامر هەکراس رۆڵی دەبینێت.

کلیپەکە لە بەیروت و سوریا وێنەی گیراوە، و لە دەرهێنانی محەمەد سامییە، ٧٠٠ مۆدیل و چەند ئاژەڵێکی کێوی تێدایە،



وەک پڵنگ، شێر، هەڵۆ، و مار .هەیفا هەروەها لەگەڵ راهێنەرێک کاری کرد بوو بۆ ئەدای گرتە سەختەکان .

هەیفا هەروەها داواکارییەکی تەلەفیزیۆنی ئەلحەیاتی رەت کردەوە بۆ پێشکەشکردنی فەوازیر، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی.

گۆرانیبێژ ئەیمەن زبیب، لە گرتەی کلیپی "کرمالک" تەواو بوو، لە یەکەم پرۆژەیدا لەگەڵ دەرهێنەر فادی حەداد. گۆرانییەکە، کە لە هۆنراوەو مۆسیقای سەلیم عەساف و ئاوازی مارک عەبدولنورە، وەک بەشێک لە ئەلبومە نوێیەکەی "حلفت بعمري."

دۆمینیک حورانی و عەلی ئەلدیک کلیپێکیان گرت بە ناوی "سینەما ٣٥". ئەم جووتە پێکەوە "الناطور" پێشکەش دەکەن، لە هۆنراوەی ئەحمەد قەسابلی، مۆسیقای حەسەن ئەلدیک، و دارشتنی ئاوازەکەی رۆجێت ئەبی عاقل.

لە هەواڵی تری هونەریدا، فیستیڤاڵی جازی قاهیرە رێز لە هونەرمەندی لوبنانی زیاد رەحبانی دەنێت، و لە کردنەوەی فیستڤاڵەکەدا لە ١١ ی ئازار بەشداری دەکات .

فیستیڤاڵی موزیکیی دۆحە هەروەها رێز لە گۆرانیبێژە بەناوبانگە لوبنانییەکان دەگرێت لە مانگی ئازاردا. فیستیڤاڵەکە رێز دەگرێت لە فەیروز، مەنسور، عاسی و زیاد رەحبانی، وەلید ئەلسەفەری و سەباح.

ملحم بەرەکات، نەجوا کەرەم، عاسی ئەلحەللانی، و ملحم زێن لە ئاهەنگی شەوانی فیستیڤاڵەکەدا بەشداری دەکەن. چاوەڕێ دەکرێت بە گۆرانییەکی بە کۆمەڵ کۆتایی بێت کە هەموو گۆرانیبێژە لوبنانییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی مەوتنی**